## شاری چەمچەماڵ لە خزمەتگوزاری بێبەش مەکەن

ئێمەی چەمچەماڵی جێگای داخە بۆمان کە دەبینین شارەکەمان لە سەردەمی حکومڕانی کوردیدا پشتگوێ خراوە و لە هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەك بێبەشە. چەمچەماڵ سەرەڕای ئەوەی خاوەن مێژوویەکی دێرینە و مەڵبەندی شارستانی بووە، لە سەردەمی نوێشدا ئامێزێکی گەرم و دڵسۆز بووە بۆ پێگەیاندنی رۆڵەی خۆبەختکەر لە پێناو کوردستاندا و، گڵکۆی سەدان شەهید لە گۆڕستانی (شێخ سەعید) لە چەمچەماڵ، گەواهی بۆ ئەم ڕاستیە دەدەن. ئێستاش بەدەیان هەزار کەس لە پاشماوەی ئەنفالەکان و خەڵکی هەژار لەم شارەدا دەژین کە لە بچوکترین پێداویستیەکانی ژیان بێبەشن. ئێمە پێمان وایە کە دەبێت داهاتی حکومەتی کوردی بە یەکسانی بەسەر ناوچەکانی کوردستاندا دابەش بکرێت، نەك هەندێك ناوچە بەشی شێری پێبڕێ و هەندێك بەشی تری کوردستان پشتگوێ بخرێت. ئێمە دەنگی خۆمان دەخەینە پاڵ ئەو نامەیەی کە ڕۆژنامەنوس عارف قوربانی ڕۆژی ٩/٦/٢٠٠٢ ئاراستەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان (سلێمانی) کردووە و دەقەکەی لەهەمان ڕۆژدا لە سایتی کوردستان نێت دا بڵاوکراوەتەوە. بەیەك دەنگ داوا دەکەین ئاوڕ لە پێداویستیەکانی شارەکەمان بدرێتەوە و وەکو پێویست دەستی ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری پێبگات.

ئیمزاکان:

١- بەکر شوانی- ئەڵمانیا
٢- پێشڕەو شوانی – هۆڵەندا
٣- دڵشاد حافیز شەریف – لەندەن
٤- جوان شوانی – هۆڵەندا
٥- ئاریان فارس – هۆڵەندا
٦- مەریوان قادر چەمچەماڵی – هۆڵەندا
٧- سیروان ڕەحیم-ئەڵمانیا
٨- کامەران ڕەحیم-ئەڵمانیا
٩- ڕێزان ئەحمەد مەجید-ئەڵمانیا
١٠- ئازاد ئەحمەد مەجید-ئەڵمانیا
١١- دلێر محەمەد ئەمین-سوید
١٢- مارف مەحمود مەجید-ئەڵمانیا
١٣- ئیبراهیم ئەحمەد-ئەڵمانیا
١٤- جومعە محەمەد-ئەڵمانیا
١٥- شاخەوان محەمەد-ئەڵمانیا

**کوردستان نێت:**

**ئەگەر تۆش دە خوازی دەنگت بخەیتە پاڵ دەنگی عارف قوربانی و هەموو چەمچەماڵیەکان کلیکی ئێرە بکە و ناوی خۆت بنووسە.**

www.kurdistannet.org